**وەزارەتی داد**
**ژمارە:٣/٨/٢٠٢٢**

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١- کردنەوەی (هۆبەی تۆماری پێنجەم) لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی دووەمی هەولێر.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی بڵاوبووەنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( هۆبەی ددان ) لە بنکەی تەندروستی سانا ستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/٣٠.

**بەیانی ژمارە (٤٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( نەخۆشخانەی کۆئەندامی هەرس و جگەر ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٦/٣٠.

**بەیانی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی ( سەنتەری راستکردنەوەی ددانی فێرکاری ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٧/٥.

**سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**